# مافـــى خوا لە سەر بەندەکانى

## پ١ / ئایا خوا ئێمەی بۆ چی دروست کردووە ؟

وەڵام / خوا ئێمەی دروست کردووە بۆ ئەوەی بە تەنها بیپەرستین و هیچ شەریکی بۆ بڕیار نەدەین ، بەڵگەش بۆ ئەمە : خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ [الذاريات] . واتە : ئێمە جنۆکە و مرۆڤمان دروست نەکردووە ئیللا بۆ ئەوە نەبێت کە بە تەنها من بپەرستن . هەروەها فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ : ((حَقُّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلاَ يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً)) [متفق عليه / صحيح البخاري رقم : (٢٨٥٦) وصحيح مسلم رقم : (٣٠)] .

واتە : ماف و حەقی خوا لە سەر عەبدەکانی بریتی‌یە لەوەی کە بیپەرستن و هیچ شەریکی بۆ بڕیار نەدەن .

## پ٢ / پەرستن (عیبادەت) بریتی‌یە لە چی ؟

وەڵام / پەرستن (عیبادەت) : ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو گوفتار و کردەوانەی کە خوا خۆشی دەوێن وەك : دوعا و پاڕانەوە و نوێژ و حەیوان سەربڕین و جگە لەمانەش ...

خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ۝١٦٢﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەخەڵکی بڵێ : بەڕاستی نوێژ و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم هەمووی بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانە .

(**نُسُكِي** : واتە : حەیوان و ئاژەڵ سەربڕینم) .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ((وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ)) [صحيح البخاري رقم : (٦٥٠٢)] .

واتە : عەبدەکەم بە هیچ شتێك لێم نزیك نابێتەوە خۆشەویست تر بێت لە لام وەکو ئەوەی کە فەرزم کردووە لە سەری .

## پ٣ / چۆن خوا بپەرستین ؟

وەڵام / خوا دەپەرستین بەو شێوازەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمانیان پێ‌کردووین ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی :

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ ۝٣٣﴾ [محمد] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی بکەن بۆ خوا و گوێڕایەڵی بکەن بۆ پێغەمبەر و کردەوەکانتان پووچەڵ مەکەنەوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ)) [صحيح مسلم رقم : (١٧١٨)] .

واتە : هەرکەسێك هەر کردەوەیەك ئەنجامبدات کە فەرمانی ئێمەی لە سەر نەبێت ئەوا ئەو کردەوەیە ڕەتدەکرێتەوە و قەبوڵ ناکرێت .

## پ٤ / ئایا خوا بپەرستین لە ترسی سزا و بە تەماحی پاداشتەوە ؟

وەڵام / بەڵێ بەو شێوازە دەیپەرستین ﴿واتە : بە ئومێدی ئەوەی کە لە سزای پارێزراو بین و بە چاکەش پاداشتمان بداتەوە﴾ ،

خوای پایەبەرز لە وەسفی ئیمانداراندا فەرموویەتی : ﴿يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا ﴿١٦﴾﴾ [السجدة] .

واتە : پەروەردگاریان دەپەرستن و لێیدەپاڕێنەوە لە ترسی سزایی و بە تەماحی پاداشتییەوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَسْأَلُ اللَّهَ الْجَنَّةَ ، وَأَعُوذُ بِهِ مِنَ النَّارِ)) [صحيح أبي داود رقم : (٧٩٣)] .

واتە : داوای بەهەشت لە خوا دەکەم و پەناشی پێدەگرم لە ئاگری دۆزەخ .

## پ٥ / ئایا چاکەکاری (الإحسان) لە پەرستندا بریتییە لە چی ؟

وەڵام / چاکەکاری (الإحسان) بریتییە لە : هەستکردن بە چاودێری خوا لە پەرستندا .

خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ٱلَّذِي يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٢١٨﴾ وَتَقَلُّبَكَ فِي ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٢١٩﴾﴾ [الشعراء] .

واتە : ئەو خوایەی کە دەتبینێت لە کاتێکدا کە بە پێوە وەستاوێت لە نوێژدا ، وە لە کاتێکدا کە لە رکوع و سوجدەدا دەبیت.

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الإِحسَانُ : أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ)) [صحيح مسلم رقم : (٨)].

واتە : چاکەکاری (الإحسان) بریتییە لەوەی کە : خوا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە بیبینیت ، وە ئەگەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا ئەو تۆ دەبینێت .

**نووسینی : شێخ محمد جمیل زینو**

**وەرگێڕانی : مامۆستا محمد عبد الرحمن لطیف**

لەبڵاوکراوەکانی سایتی فەرموودە

www.fermude.com